گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# سۆسیۆلۆجیای مەعریفە لە شیعری کوردیدا

**هاوکار مامند طه**
بەشی کوردی, کۆلێژی پەروەردە , زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
hawkar.m.taha@student.su.edu.krd

**أ .د. نوزاد وقاص سعید**
بەشی کوردی, کۆلێژی پەروەردە , زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
nawzad.saeed@su.edu.Krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٨/١٠
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٩/١١
بڵاو کردنەوە:بەهار ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
*Sociology, Epistemoiogy, Knowledge, Litereature, Poesis, Poetics*

**Doi**: 10.25212/lfu.qzj.8.2.21

**پوختە**

سۆسیولۆژیای ئەپستمۆلۆژی یان "کۆمەڵناسی مەعریفە" وەکو بەشێک لە زانستی کۆمەڵناسی گرینگی دەدات بە لێکۆڵینەوەی زانینە کۆمەڵایەتییەکان واتا ئەو زانینە زمانی و کولتووری و ئاینی و سیاسییە باوانەی کە لە سەردەمێکی مێژوویی دیاریکراودا لە نێو کۆمەڵگایەکدا ناساراون ، زانینە کۆمەڵایەتیەکانیش بە شێوازی جیاواز ڕەنگدانەوەیان دەبێت بەسەر هزرو کەسێتی تاکەکان لە هەمان کاتیشدا لە دەرهاوێشتەو داهێنانەکانیاندا دەردەکەونەوە ، سۆسیۆلۆژیای مەعریفی - ئەدەبی وەکو یەکێک لە ڕەهەندەکانی ئەم زانستە بە شێوەیەکی فراوان گشت ڕەهەندەکانیتر لە خۆ دەگرێت بەو پێیەی ڕەهەندەکانی وەک سۆسیۆلۆژیای مەعریفەی زمانی و کولتووری و ئاینی و سیاسیش تیایدا بەدی دەکرێن, ئەدەب بە گشتی و شیعریش بەتایبەتی زایەندەی ئەم زانینانەن کە نووسەر لە داب و نەریت و سەردەمی مێژوویی و کۆمەڵایەتی ناوچەیی خۆیەوە وەریگرتوون .

## ١. پێشەکی

هەڵبژاردنی ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندی و کارلێکە بەردەوام و خێرایانەی کە لە هەر قۆناغێکی مێژووییدا لە نێوان مەعریفەی گشتی و پرانسیپە کۆمەڵایەتیەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵگای کوردی دەبینرێن وە شیعریش لەم مەیدانەدا وەک ڕەگەزێکی چاڵاک زانینە کۆمەڵایەتیەکانی تۆمار کردووە کەتیایدا بەئاسانی دەتوانین گوتارە کۆمەڵایەتی یەکان لە هەر قۆناغێکدا دەست نیشان بکەین .

ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە لەسـەرەتادا ناسـاندنی چەمکە واتاییەکانی "سـۆسـیۆلۆژیا" و " ئەپسـتمۆلۆژیـا" یە لە ڕووی زاراوەو میکـانیزمی کـاری ئەم دوو چەمکە دواتر لە تەوەرێکیتردا پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو چەمکەمان لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی خستۆتە ڕوو ،گرینگی و بایەخی بەها کۆمەڵایەتیەکانمان بۆ سـەر مەعریفەی مرۆڤ دیاریکردووە . هەروەها ئاماژەمان بەو ڕەهەندە سـۆسـیۆلۆژییە بە هێزانە داوە کە پاشـخانی مەعریفی لە کۆمەڵگایەکدا دێننە بەرهەم لەوانەش: ( ڕەهەندی زمان ، کولتوور ، ئاین ، سیاسەت ) ن ، هەریەک لەم ڕەهەندانەش بە شێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ بونیاتی زانینەکانی تاک پێک دەهێنن، وە لەبەر ئەوەی شـاعیر یان ئەدیب وەکو تاکێکی کۆمەڵ بـارگـاوییە بە کۆزانە نەریتی و ئـایـدۆلۆژی وکولتوورییەکـانی نەتەوەکەی، بۆیە نـاتوانێـت بەرهەمەکانی بەشـێوازێکی دابڕاو لەگوزارشـتە کۆمەڵایەتیەکان دەرببڕێت ،ئێمەش لێرەدا هەوڵمان داوە چەند نموونەیەک لەم بەرهەمە شیعرییانە بخەینە بەر چاو وە تیایاندا بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری و مێژووی سیاسـی وکۆمەڵایەتی ئەو ناوچەیەی کە شـاعیر تێیدا ژیاوە دونیا بینی و هزرو بۆچوونە کۆمەڵایەتیەکـانی ئەو کـاتە بخەینە بەر چـاو چونکە شـاعیر ئـاگـامەنـدە بەهەموو ئەم ڕووداوو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیانەی کەلەماوەی ژیانیدا ڕوویانداوە ،وە لە یەک کاتدا بەهۆی باڵا دەسـتی زمـانییەوە خەیـاڵ و واقیع بەیەکەوە دەبەسـتێتەوە . شـاعیرانی کۆمەڵگای کوردیش بەدرێژایی مێژووی ئەدەبیاتی کوردی پەیوەست بەهەموو قۆناغە مێژووییە جیاوازەکان توانیویانە شیعر بکەنە ئەرشـیفێکی زمانی بۆ کۆکردنەوەو پیشـاندانی زانینە سـیاسـی و کۆمەڵایەتیەکان و ئێمە لەم توێژینەوەیەدا نـامـانەوێ پەیرەوی لە ڕێبـازی " ڕەخنەی کۆمەڵایەتی " بکەین ، واتـا ژیـانی تـایبەتی نووسـەرو بۆچوونە تایبەتییەکانی ناکەینە بنەما بۆ ڕەخنەگرتن لە پێوەرو بەها کۆمەڵایەتیەکان بەڵکو ڕاسـتەوخۆ ناوەڕۆکی دەقی شـیعرییەکان لە ڕێگەی شـیتەڵکردنی بیرە سـەرەکی و واتاییەکانی ناوییەوە دەخەینە ژێر تیشـکی لێکۆڵینەوە ، وە هەر لەم ڕێگەیەشـەوە ئەم زانینە کۆمەڵایەتییانە ئاشکرا دەکەین کە لە نێو دەقەکاندا بەرجەستە دەبن .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٢.١سۆسیۆلۆجیا**

زاراوەیەکی لێکدراوە لەبنەڕەتدا گوزارشـــتێکە بۆ تێگەیشـــتن لەبەهاو چوارچێوە کۆمەڵایەتیەکان و پێوەرە کلتووری و فەرهەنگییەکانی نەتەوەیەک .زاراوەی ( sociology) لەڕووی پێکهاتنەوە لە دوو بەش پێکهاتووە, بەشـی یەکەم لەوشـەی (socius)کە بەمانای هاوبەش یان (socetas )کە بەمانای کۆمەڵ دێت وەرگیراوە ، بەشی دووەم (logy) واتازانست (ئەسوەد، ٢٥٣:٢٠١٥) زاراوەکە بە لێکدراوی لەزمانی کوردیدا بەواتای : زانسـتی لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگا بەکاردێت ،لەزمانی عەرەبیشـدا لە(المعجم الادبی) بەرامبەر بەزاراوەکە (علم الاجتماع) بەکارهاتووە کەبەمانای(لێکۆڵینەوە لەو دیاردانە دێت کە پەیوەسـتە بە کێشـەکانی مرۆڤ، مەبەسـتیش لەوە وەسـفێکی میتۆدییە بۆ ڕەفتارەکانی تایبەت بە مرۆڤ ،کۆمەڵناسی بەزانستی مرۆڤ دەناسرێتەوە چونکە هەوڵی دۆزینەوەی ڕاستیەکانی ئەو مرۆڤە دەدات لەنێو دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکاندا) (عبدالنور،١٩٨٤: ٦) هەر لەم ڕوانگەیەوە زانستی کۆمەڵناسی لەکۆمەڵگەکـانی مرۆڤـایەتی دەکۆڵێتەوە لەڕووی چۆنیەتی گەشـــەکردن و ڕێکخســـتن و ڕوودانی گۆڕانکارییەکان . هەروەها لەڕۆڵی کۆمەڵگە دەکۆڵێتەوە لەئاڕاستەکردنی ڕەفتاری تاکەکانی سەر بەم کۆمەڵگەیە(مەبەستی کۆمەڵناسان ناسین و تێگەیشتنی پێکهاتەی گرووپ، دامەزراوەو کۆمەڵگاکانە، وە دەیانەوێ بزانن کە خەڵک چلۆن لەنێو ئەم پێکهاتانەدا هەڵس وکەوت دەکەن و کارلێکیان هەیە . چونکە هەموو هەڵســوکەوتەکانی مرۆڤ کۆمەڵایەتین) (ئامێدیان، ٤٤٤:٢٠١٣) جگە لەمەش زانســتی کۆمەڵنـاســی هەوڵـدەدات لەم گۆڕانکـارییە بەردەوامـانە بکۆڵێتەوە کە بەشـێوەیەکی گشـتگیر لەســەدەکانی ڕابردوودا لەنێو کۆمەڵگای مرۆڤـایەتیـدا ڕوویـانداوە، گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەتوانرێ لەچوارچێوەی ژینگەیەکی جوگرافی و کۆمەڵێکی دیـاریکراودا بێتە دی واتە گۆڕان لەپێکهـاتەو بـونیـادی کـۆمەڵـگە (کـۆمەڵـنـاســـی زانســـتـێکە کەلـێکـۆڵـینەوەلەدروســـتـبـوون وگـۆڕان و جموجۆڵەکۆمەڵایەتییەکان دەکات لەکات و شـوێنێکی دیاریکراودا)ا (تقوي،١٣٦٢ : ٨) کۆمەڵناسـان بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراوی زانستی هەوڵی کۆکردنەوەی زانیاری دەدەن، ئەو زانیارییانەی بە دەسـت هاتوون وەک نموونەیەکی پراکتیکی و بەڵگە نامەیی شـرۆڤە دەکرێن ، ڕەنگە هەندێجار ئەم زانیاری و بەڵگەنامانە لەبابەتە مرۆڤایەتییە مێژووی و هەنووکەییەکانی ترەوە وەربگیرێن کە واقیعی کۆمەڵایەتی سەردەم پێچەوانە دەکەنەوە وەک بابەتە ئەدەبیەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ٣.١ ئەپستمۆلۆژیا- زانین

" ئەپستمۆلۆجیا" وەکو هەر زاراوەیەکی زانستی تر لەدوو بەش پێکهاتووە بەشی یەکەم "ئەپستم"کە بەواتای زانست دێت وە "لۆژیا"کە بەمانای زانست دێت واتە"ئەپستمۆلۆجیا"زانستی زانستەکانە . (ئەم زاراوەیە لەدوو وشەی یۆنانی پێکدێت episteme: واتە زانست یان مەعریفەlogy یان logosواتە تیۆر،یان زانست ، هەردوو وشەکە بەسەر یەکەوە واتە: تیۆری زانست یان تیۆری مەعریفە یان زانستی زانست ،هەروەک ئاشکراشە وشەی "مەعریفە"وشەیەکی عەرەبیە کە بەمانای (أدراک) یش دێت وە(أدرک) لەزمانی کوردیدا بەمانای "زانین" یان " زانیاری " "هەست پێ کردن" " تێگەیشتن" هەروەها " مەعریفە" بەمانای "زانست"یش دێت) (ئەسوەد، ٢٠١٥ : ٦٣-٦٤) لەزمانی ئینگلیزیشدا لەجێگایووشەی "Epistemoiogy" دەستەواژەی"Theory of knowledge" بەکاردێت (زەند، ٢٠١١ : ٩) زانست یان زانیاریش دابەش دەبێت بۆ دوو بەش کە ئەوانیش زانستە سروشتیەکان و زانستە مرۆییەکانن بەم چەشنە" ئەپستمۆلۆژیا" یاخود زانستی مەعریفە زانستێکە کە لێکۆڵینەوە لە زانستەکان دەکات بەپێی دابەشبوونی زانستەکانیش ئەپستمۆلۆژیا لەهەردوو بوارەکەی زانست دا تاوتوێی بابەتەکان دەکات و ڕوومالّی دروستی و نادروستی و پێویستی و ناپێویستی ئەو زانستە دەکات (بەکورتیەکەی ئەپستمۆلۆژیالەسەرەوە چاودێری زانستەکانی تر دەکات ئەپستمۆلۆژیایەک هەیە تایبەتە بە زانستە سروشتیەکان ئەپستمۆلۆژیایەکی دیکەش هەیە تایبەتە بە زانستە مرۆییەکان) (سالّح، ٢٠١٦: ٣٥) ئەپستمۆلۆژیا لەچیەتی مەعریفەو چۆنیەتی سەرهەڵدانی دەکۆڵێتەوە ،بە ئاڕاستەیەکیتریش زانین وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە بەر چاو چونکە هەموو ئەم تێگەیشتنە باوو زانینە کۆمەڵایەتیانە دەگرێتەوە کەلەکۆمەڵگایەکدا خۆیان بەسەر تاکەکانی ئەم کۆمەڵە دا سەپاندووەو هەموو تاکێک وەک یەک ئاشنای سنووروپێکهاتەکەیەتی و لەئاستی ئاگاییاندا گەیشتۆتە پلەی بەبڕشت بوون (زانین بریتیەلەهەڵسوڕانی بیرکردنەوە لەنێوان ژینگەی کۆمەڵایەتی وناوەکیی تاکی مرۆڤ) (مانی، ٢٠١٨ : ٩٩)واتە لێرەدا زانین یان مەعریفەی کۆمەڵایەتی دەرهاوێشتەیەکی چالاکی کۆمەڵگە مرۆییەکانە بۆیەش هەرگیز ناکرێ لەدەرەوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی باس لە مەعریفە بکەین لەگەڵ ئەوەشدا وەک دەردەکەوێت ئەم زانستە ناتوانێت خۆی لە مەعریفەی ئایدۆلۆژی باو یان مەعریفەی نازانستی کۆمەڵایەتی ببوێرێت چونکە وەک حەقیقەتێک ئامادەگی هەیەو خۆی سەپاندووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێرەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە ئەپســـتمۆلۆژیا زانســـتێکە بۆ هەموو زانســـتەکان و زانینەکان بەجیاوازی لەڕاستی و ناڕاستیانەوە هەروەها دوو جۆر زانین هەستی پێ دەکرێت زانینێک کە خودیە واتە بریتیە لەپەیوەندی نێوان خودو دەرەوەی خود ئەوەیتریش زانینی گشـتی کەسـەرچاوەیەکە بۆ هەموو جۆرەکانی تری زانین وەک زانینی ئاینی و زانینی کلتووری و زانینی زانستی،زانینی فەلسەفی ،وادەبینرێـت کە زانینـی خودی پرۆســـەیەکی تـایبەتی بێـت کەلەلایەن خودی مرۆڤەوە لەڕێگەی هەستەکانیەوە (بینین،بیستن ،گرتن ،بۆنکردن،تامکردن) لەگەڵ دونیای دەرەوەدا ڕوودات (لەڕوانگەی مەعریفە ناسـیەوە تێگەیشـتنی هەسـتی بریتیە لە مەعریفەیەک دەربارەی جیهانی هەسـتپێکراوی دەرەوەی هۆش کەلەڕێگەی هەســـتە دەرەکیەکـانەوە بەرهەم دێـت) (زادە، ١٣٨٦ :٢٤) ئەم زانینە هەستپێکراوە ڕاستەوخۆیە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازی تێدەکەوێت بەوەی کە هەر تاکێک لەڕوانگەی ویســـت و حەزو بینینە تایبەتەکانی خۆیەوە ئەم زانینانە لە ئاگایی خۆیدا کۆ دەکاتەوەو دواتر لە هەر ڕێگەیەکەوە کە خواســـتی بێـت دەریـان دەبڕێت تاک دەتوانێت پەرە بە زانینە خودی یەکانی بدات و لەئاسـتێکی باڵادا نمایشـیان بکاتەوە جائەم ئاسـتە هونەری و ئەدەبی یان زانسـتی و فەلسەفی یان هەر جۆرێکیتربێت .

## ٢. سۆسیۆلۆژیای مەعریفە

مەعریفە یاخود زانین یەکێکە لەو ڕەگەزە فرە ڕەهەندانەی کەبەهۆیەوە سـۆسـیۆلۆژیای بۆ کۆمەڵێک بوار پێ پۆلین دەکرێـت،کەواتە شـــیکردنەوەی کۆمەڵایەتیـانەی هەر جۆرە مەعریفەیەک دەبێتە لایەنێکی پراکتیکی ســـەلمێنراو لەکۆمەڵناســـیدا (ســـۆشـــیـال پیســـتیمۆلۆجی لێکۆڵینەوەوپرســـیاری فەلسەفییە سەبارەت بەوەی بەکۆمەڵی بوون وکۆمەڵگە چ پەیوەندی وکاریگەرییەکیان هەیەولەسەر "زانین"بەگشـــتی و لەســـەر بیرکردنەوەی تـاک بەتـایبەتی) (مـانی، ٢٠١٨ : ١٢٧) ئەمەش خودی ســـۆســـیۆلۆژیای مەعریفەیە کۆمەڵناســـی لەســـەر ئەم بنەمایە دامەزراوە کە کۆمەڵگە چاوگی زانین وســـەرچاوەی ڕاســـتیەکانە، وەلە ئەنجامی ئەم تێڕوانینەوە کۆمەڵنـاســـان چارەســـەری کێشـــە ئەپســـتمۆلۆجیەکانیان کردووەو لەگۆشـــە نیگای کۆمەڵگەوە لێیان کۆڵیوەتەوە،(ســـیمای کۆمەڵیی مەعریفە واتە کۆمەڵایەتیبوونی بەڵگەی فەلســـەفی ڕاســـتی و دروســـتییەتی) (غورفیتش، ٢٠٠٨: ٥٩) لێرەدا ئەرکی سـۆسـیۆلۆجیای ئەپسـتمۆلۆجی دەبێتە چۆنیەتی تێگەیشـتن لەم حاڵەتانەو بەیەکەوە

بەستنەوەی لەگەڵ ئەم تێڕوانینە فەلسەفیە سەرەکیانەی کە سیستەمە مەعریفیەکانیان پێکهێناوە (بۆیە کۆمەڵناس بایەخ بەهەموو ئەو شێوە پەیوەندییانە دەدات کە دەچنە نێو قاڵبی پەیوەندی مرۆڤانەو شێوەو فۆڕمێکی کۆمەڵایەتی ڕێکخراو وەردەگرن،کەواتە ئەو دێت هەوڵ دەدات شرۆڤەی ئەو ڕووگە کۆمەڵیەو بیروبۆچوون وداب و نەریتەکان بکات بەوەش هێدی هێدی دەچێتە سەر توێژینەوە لەسیستەمی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزو گۆڕاوی وەکو دەوڵەت و خێزان و چالاکی ئابووری و ئاینی) (رشدان، ٢٠٠٥ :٦)کە ئەمانە شێوەو تایبەتمەندییە سەرەکیەکانی ئەپستمۆلۆجیایە لەکۆمەڵناسیدا کە وای لێدەکات سیستەمێکی سروشتی لەخۆوەی هەبێت وە وەک زانستێک هەوڵی دۆزینەوەو وەسفکردن ولێکۆڵینەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ دەدات، لەبەر ئەوەی هەموو مەعریفەیەک لەپێگە کۆمەڵایەتییەکانەوە گەشەدەکات و دەمێنێتەوەو (ئامانجی گشتی کۆمەڵناسی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵێکی مرۆییەکەلەکات و شوێنێکی دیاریکراودابەکۆمەڵ دەژین،تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە) (بهنام، ١٣٤٨ : ٣) ،بەم هۆیەشەوە مەعریفەی هەر کۆمەڵگایەک لە یەکێکیتر جیاوازەوئەوەی بەلای تاکێکی کۆمەڵگای کوردی بەڕەوادەبینرێت لەکۆمەڵگایەکیتر لەوانەیە ناڕەوا بێت،ئەمەش مانای وایە ک مەعریفەی کۆمەڵایەتی لەدایکبووی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوەو هەڵگری سیماو تایبەتمەندی ئەو کۆمەڵگایەیە بۆیە ناکرێت تاکە مەعریفەیەک بۆهەموو کۆمەڵگاکان هەبێت،بەڵکومەعریفەی کۆمەڵایەتی تائەندازەیەکی گەورە فرەڕەنگ و فرەچەشنە بەپێی جۆروئاستی پێشکەوتن ودۆخی کلتووری و کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگایەک گۆڕانکاری بەسەردا دێت، کەواتە لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە فاکتەری ئابووری و چینی دەسەڵاتداری سەرمایەدار لەلایەک و دۆخ و ڕەوشی مێژوویی و زانستی و کۆمەڵایەتیش لەلایەکیترەوە، ئەم سەرچاوە بەهێزو کاریگەرانەن کە پانتایی زانیین بۆ کۆمەڵگایەک لەسەردەمێکی دیاریکراو دەست نیشان دەکەن.

### ١.٢ ڕەهەندەکانی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە- زانین

١-کولتوور- فەرهەنگ

ئەگەر وەکو چەمک لێی بڕوانین ئەوا وەکو کۆبەندێک ژمارەیەک ڕەهەندی تریش لەخۆ دەگرێت بەوەی ئەم چەمکە ئاماژەیە بەشێوازی ژیانی کۆمەڵگەیەک کە بەشە پێکهێنەرەکانی بریتین لە زمانەکان، دابونەریتەکان، بیروباوەڕەکان، مەعریفەکان، کارامەییەکان، بەهاکان (هەمەوەند، ٢٠١٩ : ٤٨)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەکرێـت کلـتـوور بەرێـبـازی ژیـانـی کـۆمەڵـێـک یـاخـودتـاکەکـانـی کـۆمەڵگەیەکـی دیـاریـکـراو پێناسـەبکرێت،یاخودئەو((گشـتی بوون)) ەیە کە مەعریفەو بیروباوەڕو هونەرو ڕەوشـت و یاسـاو نەریـت و ئەو ڕەفـتارە بـاوانەش لەخۆوە دەگرێـت کە ئەنـدامێـک لەکۆمەڵگادا دەسـتی دەکەوێـت (کولتوور بـاس لەبۆچوونە سـیمبولیکەکـانی پێوەنـدی کۆمەڵایەتی دەکـات) (حمیـد، ۱۳۸۴: ٤۳۱) لەڕوویەکیترەوە کلتووربەکۆمەڵێ چـالاکی مرۆیی (مـاتیریـاڵی و ئـایـدیـاڵی دەگوترێ) کە ڕادەسـتی نەوەکانی داهاتوو دەکرێن.

۲- زمان

زمان بەشـێکە لەکەلتورو یەکێکە لە پێکهێنەرانی سـەرخانی هەر کۆمەڵگایەک هەروەهایەکێکیشـە لەتوخمە بنچینەییەکانی پێکهێنەری نەتەوە،هەروەها هۆکاری لەیەکتر تێگەیشتن و دەربڕینی هەست و سـۆزو بیرو بۆچوونەکانە ، بەمەش دەردەکەوێت کە ئەگەر زمان ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی هەبێت ئەوا هەڵگری سـیفەتێکی مەعریفیشـە،ئاسـتی کۆمەڵایەتی وپلەوپیشـەوخێزان و سـەردەم جۆری ئەو مەعریفەیە دیاری دەکەن،هەروەک دەبینین لەڕووی دەستەواژەو بەکارهێنانی وشەو بەیەک گەیاندنی فۆڕمە واتایەکان زمانی جوتیارێک لەچاو ئەو زمانەی کە خواپێداوێک یان دکتۆرێک بەکاری دەهێنێت جیاوازە،ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ئاسـت و پیشـەی ئەو کەسـانە هەمەجۆری لەزمانی مرۆڤدا دەکەوێتە ژێر ڕکێفی هەردوو هۆکاری سـەردەم و کات و شـوێنەوە،مرۆڤ زمانی ئەو کۆمەڵگایە وەردەگرێـت کە تێیـدا دەژیـت پەیوەنـدی و ئـاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی زمـان ڕۆڵی گرنـگ دەبینن لەپەروەردەکردن و فێربوونی زمـانـدا (زمـان مرۆڤ و دەوروبەر بەیەکتری دەگەیەنێ و لەهەمـان کاتیشـدا ئەو بارە کۆمەڵایەتییە پیشـان دەدات کە قسـەکەرانی تێدا دەژین( haliday, 1981: 268 ) لەگەڵ ئەوەشـــدا بارە کۆمەڵایەتییەکان کەشـێکی نەگۆڕو مەرجدار نین بۆ هەموو تاکەکان بەڵکو لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بەپێی دۆخی ئابووری وپلەی کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیریان جیاوازی تێدەکەوێت بۆیە زمان لەم مەیدانەدا لەدووریانی تاکو کۆمەڵدا خۆی نمایش دەکات بەواتایەکیتر زمان دەتوانێت هەم ئاستی زانیارییەکانی کۆمەڵ هەم ئاستی زانیارییەکانی تاک وەک دوو ڕووی یەک دراو پیشان بدات (لەزماندا هیچ دوو کەس بەتەواوی وەک یەک قسە ناکەن "یان ووتە ،فۆنەتیک ،یان بەکارهێنانی وشـەیشـیان" بەڵام ئەوان بە شـێوازێکی گشـتی دەناسـرێن) (capel&mouton,

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(21:.1996کەواتە لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستیەی کەزمان وەک ڕەهەندێکی سۆ سیۆلۆجی ئەرکدارە بە بارکردنی زانینە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمێکی دیاریکراوو زانینەکانی تاک لەخولگەی تایبەتی خۆیدا.

٣- ئاین

ئاین وەکو بەشێک لە ڕەگەزە سەرەکییە پێکهێنەرەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی بەشێکیشە لە پێداویستییە ڕۆحی ومەعریفییەکانی مرۆڤ،کۆمەڵێک ڕێساو زانینی ئاڕاستەکراوی لەقاڵبدراو لە خۆدەگرێت کەتیایدا وەڵامی پرسیارە ئاڵۆزکاوو بێ سۆراغەکانی باوەڕدار دەداتەوەوڕەفتارەکانیشی بە بەرنامەیەکی تایبەت بۆڕێک دەخات لێرەدا تاکی باوەڕدارگۆش دەبێت بەزانیاری ئامانجدار ئێمە دەتوانین ئاین وەکورەهەندێکی مەعریفی بۆدووئاست دابەش بکەین ئەوانیش مەعریفەی ئاینی تاکی باوەڕدار((دیندار)) ،وە مەعریفەی ئاینی کۆمەڵایەتی کە ئاین بنچینەی سەرەکی داڕشتنی یاساونەریتە باووزانراوەکانە، بەگشتی ئاین وەکورەهەندێکی سۆسیۆلۆجی گرنگی بەبابەتە کۆمەڵایەتییەکان دەدات،هەوڵی ڕێکخستنی تاک وکۆمەڵ دەدات لەڕووی فکرو ڕەفتارەوە،چوارچێوە شەرعیەکان لەسەر بنەمای زانینە ئاینیەکاندا دەرێژێت وتوانایەکی بەهێزی هەیە لەڕاکێشانی سەرنج وهەستی باوەڕداران بەجۆرێک وا دەردەکەوێت کە تەواوی لایەنەکانی هونەرەکان ،ئەدەب، ڕەوشت،زمان، زانستەکان،بەدرێژایی مێژووی شارستانیەت وبوونی مرۆڤ پەیوەستن بەئاینەوە (ئەمانە هەموو ئەم مانایانە لەخۆدەگرن کە ئاین بەرهەمی ڕۆشنبیرییە ،دەرئەنجامێکی بیری مرۆڤەکە بوونەوەرێکی خاوەن ڕۆشنبیرییە) (مقدم،٢٠١٠ : ٣٢) کەواتەئاین سیفەتی "زاڵ"ی هەیە لەڕووی کولتوورییەوە چونکە دەتوانێ زۆربەی ڕەهەندە مەعریفییەکانیتر بخاتە ژێرڕکێفی خۆیەوەو وایان لێبکات بەپێی ئامۆژەئاینیەکان بەژداری پرۆسەی کۆمەڵایەتی بکەن ئەمەش لەکاتێکدایە کەلەپاڵ هێزێکی سەرووی سروشتی یەوە دەخزێتە نێوکایەکولتوورییەکان.

٤- سیاسەت

سیاسەت ڕۆڵی دەبێت لەبونیاتنانی ڕەهەندەکانی سۆسیۆلۆژیای مەعریفەدا هەرلەبواری پەروەردەیی وئاینی وهونەری...هتد،وە جۆرێک لە کولتووری سیاسی دێنێتە بەرهەم بەوپێیەی دەست بۆهەموو سیستەم ودامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان دەبات وئەرکی کارگێڕیان دەگرێتە ئەستۆو زەمینەی سیاسیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆ دەرەخسێنێت (واتە سیاسەتی کولتووری پرۆسەیەکی تایبەت بە پێشکەوتن وپۆلینە یاساییەکان وئەودامەزراوانە دەگرێتەوە کە کـاربۆ بەرەوپێشـــبردنی بواری کولتـووری وهونەری وئیتـنی وســۆســیۆلینگویســتی وپەروەردەیی وئەدەبی دەکەن) (ئەحمەد،٢٠١٥ : ١٥٢) وەدواجـار هەر ئەم کەلتووره سیاسییە وێنای بەشێک لەکەلتووری گشتی کۆمەڵگا دەکات وبەشداری دەکات لەرێکخستنی سیستەمی سیاسی وڵات.

کەواتە کولتووری سیاسی کە لەکۆمەڵێک بەهاو بڕیاری سیاسی پێکدێت لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا کە پاڵپشـت وهاندەرە بۆدانانی یان نووسینەوەی دەستووری سیستەمی سیاسی وڵات (کولتووری سیاسـی دەرهاویشـتەی ژمارەیەک لە داب و نەریتی کۆمەڵایەتییە کە کاریگەرییان لەسـەرتێڕوانینە سـیاسـیەکان دەبێت) (داوســن وئەوانیتر، ١٩٩٨:19) هەربەم هۆیەشـــەوە بۆئەوەی لە ئـامـانج وسـتراتیژیەتی جیهانی سـیاسـی تێبگەین لەهەرکۆمەڵگایەکدا دەبێت لەپەیوەندی نێوان دەسـەڵات ولایەنە کولتوورییەکان بکۆڵینەوە وەک پەیوەندی نێوان دەســەڵات وپەروەردەیان دەســەڵات وئاین ،دەسەڵات وئەدەبیات وهونەر.لەم ڕێگەیەوە دەتوانین هەڵسەنگاندن بۆسیستەمەکە بکەین .

## ٣. سۆسیۆلۆجیای مەعریفەی- ئەدەبی

دەســتەواژەکە لەزمانی کوردیدا بەرامبەرە بە "معرفە علم الاجتماع" یان "ســۆســیۆلۆجیاالادب" لەزمانی عەرەبیداو "جامعەشناسی ادب" لەزمانی فارسیداو "Sociology of litereature" لەزمانی ئینگلیزیدا، ســۆســیۆلۆجیای ئەپســتمۆلۆجی ئەدەبی وەک ئەو دەســتەواژەیەی کە پێی ناســراوە "سـۆسـیۆلۆژیای ئەدەب" یان "کۆمەڵناسـی ئەدەب" لەزمانی کوردیدا گوزارشـتە لە یەکانگیربوونی بنەمـاکـانی هەردوو چەمکی (کۆمەڵنـاســـی،ئەدەب) ،واتە لەئەنجـامی ئەم پەیوەنـدی وکـارلێکردنە دوولایەنەی لەنێوانیاندایە "سـۆسـیۆلۆجیای ئەدەب" سـەرهەڵدەدات وەکوزانسـتێک لێکۆڵینەوە لە هۆکارو دەرئەنجامەکانی بەیەک گەیشـتنیان دەکات، ئەمەش لەوەوە سـەرچاوەی گرتووە کە نووسـەر وەکو ئەنـدامێکی کۆمەڵگـا بـارگـاویە بەمەعریفەی کۆمەڵایەتی وئەدەب خۆشـیی دیـاردەیەکی کۆمەڵایەتییە ڕەنگدانەوەی هوشـیـاری وبیرکردنەوەو نەریـت و بەنـدو بـالۆرەکـانی ســەردەمێکی دیاریکراوە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا (سۆسیۆلۆژیای ئەدەب وەکو زانستێکی مرۆڤایەتی هەرلەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە وەکورێبازێکی مەعریفی نوێی سەربەخۆ لەبواری زانستدا هەوڵدەدات میتۆدەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەرەپێبدات و چەند ڕەهەندێکی نوێ لە بواری گرێبەستی ئەدەب بەکۆمەڵەوە پێشکەش بەکۆمەڵ بکات) (کەریم،٢٠١٣ : ١٢) بەگشتی ئەم زانستە لەشێوە ئەدەبییە باوەکان دەکۆڵێتەوە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە وەک شیعروچیرۆک ورۆمان، کۆمەڵناسی ئەدەب لەڕووی چەمکەوە بەسوود وەرگرتن لەسیماو پێوەرەکانی ئەدەب وکۆمەڵ هەوڵدەدات بەهاو چۆنیەتی ناوەڕۆکی دەقی ئەدەبی دەربخات، واتە پیشاندانی مەعریفەی کۆمەڵایەتی نووسەران لەڕێگەی شیتەڵکردنی بەرهەمەکانیانەوە،ئێمە لەڕێگای سۆسیۆلۆجیای دەقی ئەدەبییەوە دەمانەوێ ئەپیستیمەکانی کۆمەڵگایەک لەڕۆژگارو سەردەمێکی مێژووییدا بدۆزینەوەو هەڵوەستە لەسەر هۆکارو ئەنجامەکانی بکەین.

ئەدەب وەک یەکێک لەکاراترین ڕەهەندەکانی مەعریفەی کۆمەڵایەتی دەتوانێت هەموو لایەنە هزری وکولتووری وئایدۆلۆجییە باوەکانی کۆمەڵگایەک بەسەربکاتەوەو دووبارە لەڕێگەی شێوازێکی زمانیی تایبەتەوە پەخشیان بکاتەوە بۆیە (بەپێی سوسیۆلۆژیای ئەدەب هەردەقێکی فیکری وئەفراندنێکی ئەدەبی دەبێت بەرەمزێک بۆژیانی کۆمەڵایەتی بەهەموو مەوداکانییەوە) (کریم و سەلام ،بلا تاریخ : ١٢٢) هەر لەم ڕوانگەیەوە لەدوای هەستکردنمان بەسەنگ وقورسایی دەق لەنێو کارە ئەدەبیەکاندا ،پێویستە لەسەر چۆنیەتی کارکردنی ڕێگای "شیتەڵکردنی دەق" بوەستین، کەلێرەدا "ناوەڕۆکی دەق" وەکوکەرەستەی سەرەکی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت ودەخرێتە بەرتیشکی لێکۆڵینەوە (وە لەسەرفرەیی ئەم توێژینەوانەی کە لەڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە ئەم باسانەی پەیوەست بەئەدەبیاتەوە دەرخستووە، کۆمەڵناسی ئەدەب لەسەر بنەمای بیرۆکە سەرەکییەکان وهێڵە فراوانەکان دەمێنێتەوە، کەلەجەستەی یەکپارچەیی قەوارەکە دەرنەچوون) (أبوشقرا، ٢٠٠٥:٢٠)بەچاودێریکردن ودۆزینەوەی بیری سەرەکیش دەگەینە دەلالەقەی مەعریفەی گشتی دەقەکەو لەوێشەوە دەتوانین جۆری مەعریفەکەو تایبەتمەندییەکانیشی بەپێی لێدوان وبە بابەتکردنی کێشەو ڕووداوەکان بەرجەستە بکەین ، بۆیە (کاتێک شیکردنەوەی ئاماژە پێکراو لەسەر گوتارە ئەدەبییەکان جێ بەجێ دەکەین وەک گوزارشتکردن لەشتە دیاریکراوەکان وبۆچوون لەسەر بابەتە تایبەتەکان سەیریان دەکەین) (حرب ، ١٩٩٣ :٢٨) بۆنموونە کاتێک لەنێو گوتاری شیعریدا بۆچوونە تایبەتەکان لەسەر ڕەهەندی مەعریفەی سیاسی دیاریدەکەین یان کاتێک لەنێو ڕۆمانێکدا کە لەسەردەمێکی دیاریکراو نووسراوە دەمانەوێت حەقیقەتەکانی مەعریفەی ئاینی ئەوسەردەمە بزانین بەدوای بیرە سەرەکییەکانی بابەتەکەدا دەگەڕێین وکۆیاندەکەینەوە.

### ١.٣ مەعریفەی شیعری/

وشـەی "شـیعر" کە لە بنچینە دا لە زمانی عەرەبی وەرگیراوە نزیک دەبێتەوە لە "شـعور" کە بە مانای "هەســت" دێت، ئەم چەمکە لە فەرهەنگی "معجم الادبی" بەم شــێوەیە هاتووە (هونەرێکە کە وێنە ودەنگ و ڕیتم هەڵبگرێت بۆ پێشنیار کردنی هەستەکان و بیرەکان ، وە ئەو شتانەی کە ناتوانرێت لە پەخشــاندا بە شــێوەیەکی ڕوون و ناســراو ســەرنجیان بخرێتە ســەر و گوزارشــتیان لێوە بکرێت) (عبدالنور،١٩٨٤ : ١٤٨) لە زمانی ئینگلیزیشـــدا وشــەکانی "poesis" لەگەڵ "poetics" بەکاردێت (cuddon,2013:542-545)،لە زمانی فارســی و کوردیشــدا بە شــێوەیەکی گشــتی هەر ووشــەی "شـیعر" ی عەرەبی بەکارهاتووە . سـەبارەت بە مەعریفەش لەشـیعردا خەیاڵ وهەسـتەکان بەیەکەوە بەژداری تێدا دەکەن (بەوەی شاعیر نابێت لە خۆیەوە خەیاڵ بکات، بەڵکو ئەوەی لە ڕێی هەستەکانەوە هەستی پێ کردووە یان ئەزموونی کردوون دێت بەخەیاڵەوە بۆمانی دەگێڕێتەوەو گیانێکی زیندووی نوێی بە بەردا دەکات) (شـێخ محەمەد ،٢٠١٢:١٥٥) ، شیعر مەعریفەیەکی هەستییە بە زمانێکی جیاواز لە زمانی ئاخاوتن دەردەبڕدرێت وە شـــاعیر ئەو کەســـەیە کە شـــارەزاییەکی تەواوی لەو زمانە پەیداکردووە بۆ ئەوەی بەهۆی ئەو زمانەوە بتوانێت مەعریفەی هەسـتی پەیدابکات و پێشـکەش بە خوێنەری بکـات (شــیعر هەرگیز نـایەتە دابڕان لە بیر و فیکر، بیری شـــاعیریش ڕەگی لە ژینگە و سەردەمی خۆی دایە) (عارف ،٢٠٠٤:٧٠ ) یەکێک لەخەسڵەتەکانی مەعریفەی شیعریش "گشتگیرییە" بەو پێیەی مەعریفەی شــیعری گشـــت جۆرەکـانی تری مەعریفە لەخۆ دەگرێـت، هەر لە کۆنەوە شارستانیەتەکان مێژوو کولتوور و ئاین و ئایدیاکانیان لەنێو شیعردا چاندووە بۆیە توێژەر دەتوانێت وەک ئەدەبێکی بەڵگە نـامەیی زانیـاری ئیتنیکی و کۆمەڵایەتی و ئـاینی و ســیاســی و ....هتدی لێ وەربگرێت ،جگە لەمانە شــیعر ســیفەتی "ڕەهایی" وەردەگرێت واتا زانیـاری جیـاواز و جۆراوجۆر دەخاتە بەر چاو کە ناتوانرێت بە تەواوی ڕەت بکرێنەوە یان بە تەواوی پشـــت ڕاســـت بکرێنەوە، خەســڵەتێکی تری مەعریفەی شــیعری "فرەلۆجیکیە" واتا گەیاندنی واتا بە شــێوازی ڕاســتەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئەمەش بە هۆی بەکارهێنانی ڕەوانبێژییەوە ئەنجام دەدات. لەگەڵ ئەوانەشدا "واقیع و خەیـاڵ" تێکەڵ بە یەک دەکـات یـان دەتوانین بڵێین زۆرجـار لە ڕێی خەیـاڵەوە زانینە واقیعیەکـان دەردەبڕێت ، هەروەها شیعر لە خودی خۆیدا "مەعریفەیەکی باڵای زمانییە" تیایدا زمان بە شارەزایی و لێهاتووییەوە دادەڕێژێت شـاعیر حەقیقەت وێنادەکاتەوە لەڕێگەی خەیاڵەوە شـاعیردەتوانێت هەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

واقیع وەک خۆی بگوازێتەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەهۆی هەستەکانییەوە هەم ناڕاستەوخۆش بەهۆی خەیاڵەوە دووبارە واقیع ئامادە دەکاتەوە، کە بێگومان لەخەیاڵیشدا بەهەمان شێوە ئامرازی هەستکردن بۆ پیشاندانەوەی واقیع بەشدارە (کەواتە خەیاڵ لەتوانایدا هەیە ئەرکی مەعریفە ناسی بەجێ بگەیەنێت) (زەند، ٢٠١١:١١٠) هەموو ئەم هەوڵ و کۆششانەی شاعیر لەمیانەی شیعرەوە پێشکەشی دەکات بۆ بنیاتنانەوەی واقیعە بە مەعریفەیەکی کراوەترو دونیا بینییەکی فراوانتر لەومەعریفە واقیعیەی کە پێشتر هەستی پێکردووە. هەروەها بەهۆی ئەوەی شاعیرمرۆڤێکی دانەبڕاوە لەکۆمەڵگەوخاوەن ڕۆشنبیری وهۆشیارییەکی کۆمەڵایەتییە بۆیە بەگشتی مەعریفەی شیعریش مەعریفەیەکی کۆمەڵایەتییە بەکۆی جۆرەکانییەوە لەهەمان کاتیشدا هەمیشە بەشێک لەمەعریفەی خودی وهەستیاری وبیروڕا تایبەتەکانی شاعیریش باڵ دەکێشێت بەسەریانتایی شیعردا، دواجار هەموو گوزارشت و دەربڕاوەکان دەبنە بەشێک لە گوتاری سەردەمو جیهانبینی قۆناغێکی مێژووی مرۆڤایەتی .

**٢.٣ شیعری مەعریفی**

بە گریمانەی ئەوەی هەموو شیعرێک بەشێک لە مەعریفە یان جۆرێک لە زانیاریدان لە بوارە دیارو نادیارەکان لە خۆیدا هەڵبگرێت ئەوا بوونی مەعریفەی کۆمەڵایەتی وەک کەرەستەی بەرکاری کۆمەڵناسی زانین "سۆسیۆلۆژیای ئەپستمۆلۆژی" کە یەکێکە لە زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەڵگەیە لەسەر هەبوونی زانست وزانیاری لەنێو شیعردا هەروەک چۆن پێشتر شیعر وەک بەشێک لە دەربڕینی فەلسەفی سەیردەکرا لێرەشدا دەشێت وەک ڕەهەندێکی مەعریفی و زانستی سەیربکرێت هەروەها لەبەرئەوەی زانستە مرۆڤایەتیەکان بە بەراورد لەگەڵ زانستە سروشتیەکاندا لە شیعردا زیاتر دەردەکەون وە لەهەمان کاتیشدا هەڵگری سیمایەکی گوتار ئامێزن وەک گوتاری سیاسی و ئاینی کە پەیوەست بە ڕۆژگارو سەردەمە مێژووییەکان بەرزی و نزیمیان تێدا دەکەوێت بۆیە وەک دەبینین هەموو ئەو شیعرانەی لە ناوەڕۆکیاندا پەیامێک یان گوتارێکی مەعریفی پێشکەش دەکەن لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر جیاوازن

دنیا بە کامی هیچ کەسانە هەمیشە دەم
هیچ ئەڵبەتە بە هیچ دەمێ نابڕێ لە هیچ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دنیا کە هیچە، جوملە دەزانن، کەچی چ کەس
مەردانە بۆخودانیە دەس هەڵگرێ لە هیچ     (مودەریس ، ۱۳۸۷:۱۳۳)

لێرەدا "مەحوی" چەند مەعریفەیەک بە دوای یەکدا دەردەبڕێت و بە زمانێکی پاراوی شـــیعری پڕ لە هونەرکاری وجوانی دایاندەرێژێتەوە ،شـاعیر لە ڕێگەی وشـەی (هیچ)ەوە، ڕەگەزدۆزی بەکاردەهێنێت وە بەهۆی ئەمەوە گوزارشـــت لە مەعریفەکانی دەکات، لە دێڕی یەکەمدا مەعریفەیەکی کۆمەڵایەتی دەخاتە ڕوو ئەویش ئەوەیە "کە زۆربەی کات بەختەوەری وخۆشـییە زۆرەکانی دونیا بە بەرکەسـانی هیچ وکەم نرخ دەکەون و بەدڵی ئەوانە" چونکە ئەم جۆرە کەســـانە موفتە خۆرن و هەرگیز لێیان نابڕێت، لە دێڕی دووەمدا ئاماژە بەمەعریفەیەکی فەلسەفی دەکات ئەویش فەلسەفەی "هیچگەراییە" یاخود "عەبەسییەت" ، "نیهلیزم"[1] " مەحوی" کاتێک دەڵێت "دونیا هیچە" بە دوایدا دەڵێت "جوملە دەزانن" بۆیە پێدەچێت ئەم چەمک و تێگەیشـــتنەی لە مەعریفەی کۆمەڵایەتییەوە وەرگرتبێت، واتا "خەڵک دەزانن" کەواتە لەخەڵکەوە ئەمەی زانیوە بێ ئـاگا لەوەی کە ئەم چەمکە لە خودی خۆیـدا بنەڕەتێکی فەلسەفیشی هەیە، دواتر شاعیر ئەم مەعریفەیە بەمەعریفەی ئاینیەوە گرێ دەداتەوە یان لەگەڵ ئاین تێهەڵکێشـــی دەکات کە ئەویش "دەســـت هەڵگرتن و وازهێنانە لەو بێمانابییەی ژیان و گەڕانەوەیە بۆخودا پەرستی" کە ئەو پێی وایە کەس ئە وئامادەییەی تێدا نییە .
هێمنی شـاعیر لەچامەی "ڕۆژگاری ڕەش" دا زۆر بە درێژی و بەڕوونی باسـی بەسـەرهاتی ڕووخانی کۆماری مەهابادمان بۆ دەگێڕێتەوەو نەهامەتی ئەم ڕۆژگارەو ڕەوشـــی ســـیاســـی وکۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە بە کامێرای شیعری تۆماردەکات و وێنەی یەک بە یەکی ڕووداوەکان دەگرێت تا دەگاتە گرتن ولە سێدارەدانی سـەرداران و پێشـەوایانی کۆماری کوردسـتان، شـاعیر لە چامەکەیدا مەعریفەیەکی مێژوویی-سیاسی بە شیعر دەنووسێتەوەو ئەرشیفی دەکات وەک لەم چەند دێڕەدا دەردەکەوێت:

وە پاش کەوت خەباتمان     داگیراوە وڵاتمان
تێپەڕی ڕۆژی هاتمان     ڕووخا کۆشکی ئاواتمان

[1] - بە شـێوەیەکی گشـتی مەبەسـت لە هیچگەرایی، قوتابخانەو تێزێکی فیکرییە کە نکۆڵی لە هەرجۆرە مەعریفە، بەها یاخود بوونێک دەکات،بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (سەڵاحی , ۲۰۱۹)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بووینەوە دیل و یەخسیر    وڵاتمان کرا داگیر
ڕاوکەر بوونەوە نێچیر    یوسف خرانە ناو بیر
دڕان کاغەزو دەفتەر    گیران شاعیرو نووسەر
کۆمەڵێک بوون دەربەدەر    کۆمەڵێکیش دەس بەسەر
لە کاتی نیوەشەوا    لە جەنگەی شیرین خەوا
کرا کاری ناڕەوا    لە دار درا پێشەوا    (هێمن ، ٢٠١٢: ٩٨)

لە مەعریفەی شـیعریدا زۆرجار ئەم گۆڕانە کۆمەڵایەتییانە وەک پێویسـتییەک وەرک پێکراوێک ئاوڕی لێ دراوەتەوەو، شـاعیر لە کۆمەڵگاوە دەزانێت کە هەندێک لە سـیاقە گشـتییە باوەکان شـکێنراون و بەهاو فۆرمەکان بەرەو ئەوە دەچن لەگەڵ سەردەمی نوێ تەباو گونجاو بێنەوە لەم بارەیەوە "گۆران" دەڵێت:

دنیای نوێ ئەیەوێ ڕاپەڕینی نوێ
ئەم ڕاستی یە لە تیشکی هەتاو ئاشکراترە
لافاوی ڕاپەڕینە، گۆڕی هەرچی هاتە بەر
کێوی لەلا لەگەڵ پەڕی کادا بەرابەرە
بیرکردنەوە لە بابەتی کۆن و ڕزیوو پووچ
هەرتایبەتی بە سەردەمی داراو سکەندەرە
شمشێرنی یە کە ئاوی دەمی کپ بکاتەوە
ئەو ئاگرەی لە جۆشی دڵ وشۆڕی ناو سەرە
پرشنگی ڕۆژی بەختی گەلان کەوتە دەر لەکەل
بڕوانە کۆشکی گێتی نوێ چەند مونەووەرە! (کەریم، ١٩٨٠: ٤٨٠)

کەژاڵ ئەحمەد" وەک کچە شـــاعیرێکی هـاوچەرخ لەم بـارەیەوە تـانە لە نەریتێکی بێزارکەری کۆمەڵایەتی دەدات و لە شـیعری "خاڵی گومان" دا بە گومانەوە ڕوو لە خودا دەکات و لە پاڵ ڕەخنەی

کۆمەڵایەتی مەعریفەیەکی نەریتی ئازار بەخش سـەبارەت بە "قەیرەبوون" ی کچان لە کۆمەڵگای کوردیدا دەردەخات و دەڵێت :

تۆ بڵێی خۆمبگرم یەزدان
لەبەر خەنجەری سەرنجی خەڵکی کۆمەڵگای بێ ویژدان
ئەو خەڵکەی کە ڕسوات ئەکەن
ئەگەر نەبووی بە بووکی شایی ولۆغانیان ( ئەحمەد، ١٩٩٩ :١٣)

بە ڕوانین لەم دەقەی کەژاڵدا لە ڕوانگەی "سـایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی" یەوە بۆمان دەردەکەوێت کە مەعریفەی خودی و کۆمەڵایەتی لای "کەژاڵ" دەبنە تەواوکەری یەکتر بەو پێیەی ئەو دەیەوێت لە دەروونی خۆیەوە پێناسـەی کۆمەڵگا بکات و لەیەک کاتدا وێنەیەک لە خودو وێنەیەکیش لە ژینگەی کۆمەڵایەتی دەرەوەی خود پێشـکەش بکات (بۆیە خودی شـاعیر لە ڕێگەی زمانێکەوە کە لە شـیعردا بەرجەسـتە دەبێت، دەروونی شـاراوەی شـاعیر تێدا گوزارشـت لە هەموو وێنە ڕیالیسـتییەکانی دەرەوەی خودی شاعیر دەکات) (صالح و عبدالله :٤٩)
لەڕوویەکیترەوە هەندێجار بونیاتی واتایی لە شیعردا وا بەستەی کۆمەڵێک لە زانیاری بابەتی دەکرێن کە ڕاسـتەوخۆ لەپاڵ ناوهێنانی بابەت و ڕووداوەکان زانیارییەکان بەرجەسـتە دەبن و بۆ نموونە لە کۆپلە شـیعرێکی "محمدعومەرعوسـمان" (ژەنەڕاڵی پایز) دا ، کۆمەڵێک مەعریفەی ئاینی بە دوای یەکتردا لەپاڵ وێنە شیعرییە تایبەت و مەجازییەکەی شاعیردا دەردەکەون، کاتێک دەڵێت:

بەرلەو لافاوەی سەر تاپای زەمین ئەگرێتە باوەش
بەرلە سەفەر-بەر لەوەی ڕێ بگرێتە بەر
هیچ "حەوا" یەک ناگرێتە خۆ
"ئادەم" مێردی کوشتبێ
هیچ "قابیل" ێک دەرباز ناکا
یەهودا" کانیش بەجێ ئەهێڵێ
بۆهەر "مەسیحێک" مایەی ئازار بوون

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

"مەرگەوەڕان" یش بە نەفرەت ئەکا
کە مایەی مەرگی سەدان دڵدار بوون   (عوسمان، ٢٠١٢: ٩٦)

هەڵبەتە ناونیشـانی شـیعرەکەش (دووەم نوح) ئاماژەیە بۆ ئەورووداوە ئاینیەی کە باس لە کەشـتی نوح ولافـاوە گەورەکە دەکات، شــاعیر لێرەدا هەموو ئەو مەعریفە ئـاینیـانە وەکو ئـارگیومێنتێـک بەکاردەهێنێت تا بە هۆیەوە چەندین بابەت و مەعریفەی کۆمەڵایەتی بخاتە ڕوو[1] لەم ڕوانگەیەوە لەم دەقەدا لە ژێر هەریەکە لە ئارگیومێنتەکان زانینێک بەردەست دەبێت، وەک ئەوەی لە ئارگیومێنتی "حەواو ئـادەم" زانینی "خیـانەت" کە دیـاردەو مەعریفەیەکی کۆمەڵایەتییە بەدی دەکرێـت، یـان لە ئارگیومێنتی "قابیل" دا دیاردەی "کوشـتن" وەک مەعریفەیەک، "مەرگەوەڕیش" وەک وێنەی ناحەزو نەیار دەردەکەوێت کە لە داستانی فۆلکلۆری کوردیدا وەک دڕکی نێوان (مەم وزین) ناوی هاتووە.
لە لایەکیتریشــەوە زۆرجار لە شـیعردا زانینە هەسـتییە ڕاسـتەوخۆکان لە دەربڕینێکی هونەریدا لە واقیعییەوە بەرەونا واقیعی دەچن واتا لەگەڵ خەیاڵ تێکەڵ دەکرێن "فەریجە" لە کتێبی "یاسـاکان" دا دەربارەی چەمکی "واقیع" دەڵێت : (واقیع توانای دروستکردنی کاریگەرییە لەسەرهەستەکان چ بە شـێوەی ڕاسـتەوخۆیان ناڕاسـتەوخۆ) (جمیل ،٢٠١٢: ٣٢٩ ) بەم پێیەش" خەیاڵ" وەک بەشـی ناڕاسـتەوخۆی واقیع هەژماردەکرێت لە شـیعردا چونکە توانای دروسـتکردنی کاریگەری هەیە.
"عەبدوڵلاپەشێو" لە شیعری "شەو نوێژی نامۆیان" دا دەڵێت:

لە هەر جێیەک چیا ببینم
دڵم
وەک لە ژوانی یەکەممدا
دادەخورپێ، ڕادەچڵەکێ
سەرسام دەوەستم لە بنیا
وا تێدەگەم

[1]- ئەرگیومێنت کۆمەڵێک مانای دەربڕین لەخۆ دەگرێت کە ڕێگە بە خاوەندارێتی یان بە هێزکردنی سـەرنجی جەماوەر دەدات بۆ بابەتەکان یان تێڕامان لە شـتەکان، وە هاوواتایە لەگەڵ جوانی لە هونەری تێگەیاندن بەو پێیەی تیۆرێکە بۆ کاریگەرییەکانی ئاخاوتن(علوش،٢٠١٩: ٨٢)

لە چیای منرادەست پێدەکەن

چیایەکانی هەموودنیا (پەشێو،٢٠٠٠: ٢٤)

وەک دەردەکەوێت "بینینی چیا" لای شاعیر سەرەتا مەعریفەیەکی هەستییەو کاریگەرییەکەشی لای شاعیر "سەرسامی" یە، دواتر وا تێگەیشتنی شاعیرکە چیاکانی هەموو دونیا لە چیای وڵاتی ئەوەوە دەســت پێ بکەن مەعریفەیەکی دەســکردە بە خەیاڵ چنراوە بەڵام ناڕاســتەوخۆ کاریگەری هەســتی دروســــت دەکات کە "دڵە خورپەو ڕاچڵەکان" ە ( "فریجە" بە توندی ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە هەموو وێنەو گوزار شتێک هەڵگری بەهای ڕاستی بێت، بەڵام ناتوانرێت وێنەیەک بە ناڕاست دابنرێت ئەگەر مەبەستێکی تێدا بێت، مەبەستیش لە هەر وێنەیەکدا پێشکەشکردنی شتێکە بە ئێمە، تەنانەت ئەگەر گوزارشــت کردنەکە بەڕاســتیش هەژمارنەکرێت) (جمیل،٢٠١٢ : ٣١ ) لە وێنە شــیعرییە خەیاڵییەکەی "پەشێویشدا" ئەم مەبەستە دەبینرێت کە شاعیر لە "خۆشەویستی خاک وسروشتی نیشتیمان" ەوە گوزارشت لە هەستی "نیشتیمان پەروەری" خۆی دەکات.

زمانیش وەک ســـەرەکیترین دەرکەوتەی دەربڕینی بیرو زانین دەبێتە پەناگەیەک بۆ گلدانەوەی ئەم زانینانەی لە هزری مرۆڤدا کۆدەبنەوە بەمەش جۆرێک لە مەعریفەی زمانی دروســـت دەبێت ،بۆیە لە شـــیعری مەعریفیشـــدا لە هەرســـاتە وەختێکی مێژوویی یان هەر بارێکی کۆمەڵایەتی و کلتووریدا دەتوانین مەعریفەی زمانی بەدی بکەین، "دلشادعەبدوڵڵا" لەچامەی "کەرەنتینە" دا چەند زانیارییەک دەربارەی چۆنیەتی ژیان وباری کۆمەڵایەتی لەســـەردەمی "کۆرۆنا" دا دەخاتە ڕوو تیایدا هەر لە ناونیشـــانی شـــیعرەکەوە "کەرەنتینە" مەعریفەیەکی زمانی لە دەســـتەواژەیەکی نوێدا دەردەبڕێت هەروەها چەند وشەو زاراوەیتریش تایبەت بەو سەردەمە دەهۆنێتەوەو ودەڵێت:

سالێک نایەتەوە یادم چ ساڵ ؟

کۆمپانیایەکی بیانی شەمشەمە کوێرەی دەکری.

کەس نەیدەزانی بۆ چییە ؟

ئێستا دەرکەوت دەیانبرد بۆ ووهان ! (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٠: ٢٠٧)

لە کۆپلەیەکیتردا دەڵێت : سەعات دوازدەی شەو قەدەغەی هاتوچۆ تەواو دەبێ

هەژدە سەعاتم لە پێشە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆ کڕینی هەندێ پێداویستی، وەکو
خۆراک و دەرمان و پاککەرەوە
بە دەستەوانەو ماسکەوە دەچمە سوپەرمارکێتی کۆڵان
دوکانەکان داخراون....      (عەبدوڵلا، ۲۰۲۰: ۲۰۷)
یان دەڵێت :
خەریکە گوێ کەڕ دەبێ
هێندەی گوێ لە بێدەنگی بگرم و دەنگی کەسێکم نێتە گوێ
خەریکە پەنجەکان لە گۆ دەچن لەناو کەفی سابوون و دیتۆڵ   (عەبدوڵلا،۲۰۲۰: ۲۰۸)

لەم سێ کۆپلەیەدا وشەکانی "ووهان، دەستەوانە، ماسک، دیتۆڵ" پەیڤ و زاراوەی تایبەتن بە ڕۆژگارەکانی نەخۆشی "کۆڕۆنا" و کۆ زانیاری زمانی تایبەت بەم بابەت و ڕۆژگارە لە نێو سیاقی گشتی دەقەکەدا بەر جەستە دەکەن (کۆ زانیاری شاعیر کە لە هەست و درککردنی بەرامبەر ڕووداوە هەستیارەکان سەرچاوە دەگرێت، لەوێوە چەندین کۆ زانیاری زمانی لە مێشکیدا هەڵدەگرێت، بەڵام ئەو کۆ زانیارییانە هیچ بەهایەکیان نییە تا فۆڕمێکی زمانی وەرنەگرن و چ بەن ووسین یان گوتن دەرنەبڕێن) (عەبدوڵلا، ۲۰۱۷: ٦١٢) شاعیر لە چامەکەیدا هەوڵدەدات لەگەڵ زانیارییە زمانییەکاندا مەعریفەی خودی و مەعریفەی کۆمەڵایەتی ئەو کاتەش پیشانبدات و کاریگەری ئەم دۆخە نا هەموارە بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و ژیان و گوزەران بە گشتی پێشکەشدەکات، هەروەک لە شوێنێکیتردا دەڵێت:

لە دەرگاوە سڵاو لە هاوسێیەکەم دەکەم
ئەویش دەستی بەرز دەکاتەوەو زەردەخەنەیەک بۆ یەکتر دەکەین
دڵم لێدەدا بۆ ئەو ڕۆژانەی نەماندەزانی هێندە دڵگیرە
وەستان لەگەڵ یەکتری و باسوخواسی ئەو هاوسێ و ئەمەی تریان
کە تازە هاتۆتە گەڕەک      (عەبدوڵلا،۲۰۲۰: ۲۰۹)

شاعیر لە دوورەوە سڵاو لە دراوسێکەی دەکات بە زمانی ئاماژە لەگەڵیدا دەدوێ ئەمەش دەرخەی بارودۆخێکی تایبەتە لە سەردەمێکی دیاریکراودا. زمان بە گشتی وشیعر بە تایبەتی هەڵگری شوناسی مەعریفی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و کولتووری کۆمەڵگایە لە قۆناغە مێژووییە جیاوازەکاندا.

## ئەنجام

١ -سۆسیۆلۆژیاو ئەپستمۆلۆژیا ئەم دوو زانستە ن کە لە ڕوانگەی لێکۆڵینەوەکانیان بۆ کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکان بەدوو ئاڕاستەی هاو تەریب دەڕۆن بە جۆرێک هەریەکەیان کاریگەری لەسەر ئەویتریان دروست دەکات

٢ -سۆسیۆلۆژیای ئەپستمۆلۆژی لێکۆڵینەوە لەزانینە باوەکانی کۆمەڵگا دەکات کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا پێی ئاشنان و زانینێکی هاوبەشە هەروەها لەم ئاکارو نەریت و کولتوورە کۆمەڵایەتی و ناوچەییانەش دەکۆڵێتەوە کە دەبنە سەرچاوەو بنەما بۆ تێگەیشتن و بیر کردنەوە لە ژیان و دەوروبەر

٣ -سۆسیۆلۆژیای ئەپستمۆلۆژی  لە ڕووی ئیتنیکی یەوە چەند ڕەهەندێک لە خۆ دەگرێت وەک زمان ، ئاین ، داب ونەریت ، سیاسەت و بەها سیاسییەکان هەریەک لەمانە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکیتر وە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکیتر جیاواز دەبێت بە پێی جیاوازی فەرهەنگی و مێژوویی

٤ -سۆسیۆلۆژیای مەعریفەی - ئەدەبی وەک ناوەندێکی مەعریفی گرینگ دەبینرێت بۆ دۆزینەوەو بەدواداچوونی ئەم زانینە گشتی وبەر بڵاوانەی لە ساتە وەختێکی مێژووییدا وەک پڕۆگرامێکی کۆمەڵایەتی و کولتووری پەیڕەوییان لێکراوە

٥ -شاعیر ئەندامێکی هەستیارو دانەبڕاوە لە کۆمەڵگاکەی وە هەموو ئەم زانینانەی کە لە ڕێگەی بەرهەمە شیعرییەکانیەوە ئاڕاستەی خوێنەری دەکات لە کۆمەڵگاوە دەستی کەوتوون بۆیە شاعیر ناتوانێت زانیارییەکانی تەنیا لە خودی خۆیەوە پێشکەش بکات

٦ -شیعر جگە لە بەخشینی چێژو جوانی بە دیوێکیتردا هەگبەیەکی پڕ لە زانیارییە لە یەک کاتدا هەم وروژانێکی هەستییەو هەم ڕامانێکە لە دونیای دەوروبەر

٧ -شاعیر بە چەندین ڕێگە دەتوانێت گوزارشت لە مەعریفە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی خۆی بکات جا چ لە ڕێگەی خەیاڵ و وێناندنەوە بێت یان لە ڕێگەی دەربڕینی ڕاستەوخۆ وە هەندێک جار شاعیر هونەری زمان بەکار دەبات و واقیع و خەیاڵ بەیەکەوە گرێ دەدات

٨ -شیعری کوردی هەر لە سەرەتاوە چ شیعری میللی سەر زارەکی بێت یاخود شیعری نوسراو لە کلاسیکەوە تا دەگاتە مۆدێرنیزم و دوای مۆدێرنیزمیش هەڵگری پەیامە کۆمەڵایەتییەکانی بارودۆخی تایبەتی و ناوچەیی و نەتەوەیی خۆی بووە

٩- شیعری کوردی هەمیشە پێشەنگی ئەم کاروانە هزری و مەعریفییەی وەرگرتووە کە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا ناسراو بووە ، کەواتە شیعر بووەتە زمانحاڵی خۆشی و ناخۆشییەکانی کۆمەڵگای کوردی و هەموو زانینە کۆمەڵایەتیەکانی سەردەمی خۆی دەخاتە ڕوو .

## سەرچاوەکان:

-سەرچاوەکان بەزمانی کوردی :

ئەحمەد ،جەبارقادر. (٢٠١٥). کولتووروسیاسەت(ڕەهەندەکانی گۆڕانی کولتووری لە سیستەمی سیاسیدا). چ١. کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان).

ئەحمەد، کەژاڵ. (١٩٩٩ ). بەندەری بەرمۆدا. چاپی یەکەم ودووەم. سلێمانی.

ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد. (٢٠١٥). فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب وزانستەمرۆڤایەتییەکان .چ١.چاپخانە: تاران.سلێمانی.

ئامێدیان، فەخرەدین. (٢٠١٣). فەرهەنگی شیکاری زاراوەکانی کۆمەڵناسی چ١.چاپخانەی شەمیمی. سنە.

پەشێو، عبدالله. (٢٠٠٠) . بروسکە چاندن . چ١. سوێد .

زەند، سیروان جەبار ئەمین. (٢٠١١ )." مەعریفەت وحەقیقەت لەنێوان فەلسەفەوعیرفان لەشیعرەکانی(مەحوی)دا" ،نامەی ماستەر. ،کۆلێژی پەروەردەی زانستەمرۆڤایەتیەکان، بەشی زمانی کوردی ،زانکۆی سەلاحەدین .هەولێر

رشدان، عبدالله. (٢٠٠٥). کۆمەڵناسی چیە؟ ( وەرگێڕانی: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل) گۆڤاری سۆسیۆلۆژیا .ژ.

شێخ محەمەد ، سەنگەر قادر. (٢٠١٢ ). فەلسەفەی شیعرو شیعری فەلسەفی لەئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا . چاپی یەکەم .چاپخانەی : ڕۆژهەڵات. هەولێر .

صالح،و عبدالله . "ڕەهەندەکانی سۆسیۆلۆژیای شیعر سامی عەوداڵ بەنموونە ".گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین. ژ

عارف , حەمەکەریم . (٢٠٠٤ ) . "هەزار توێی شیعری نوێخوازی " .گۆڤاری نەوشەفەق . ژ٢٠

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

عوسمان، محەمەد عومەر. (٢٠١٢). لەغوربەتا . کۆکردنەوەونووسین و ئامادەکردنی هەڵوێست محەمەد خەیات
عەبدوڵلا ،مەهاباد کامیل. (٢٠١٧) . "کۆزانیاری زمانیی لەشیعرەکانی فەرەیدوون عەبدوول دا". گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین . ژ ١٣:
عەبدوڵلا ، دلشاد . (٢٠٢٠ ). کات زۆرە بەڵام چی لەکات بکەم . چاپی یەکەم . چاپخانە: گوتاری سەقز
کەریم ،ئازاد عەبدولواحید. ( ٢٠١٣). سۆسیۆلۆژیای ئەدەب. چ٢. چاپخانەی کارۆ. کەرکووک.
کەریم ، مەلا محمد . (١٩٨٠ ). دیوانی گۆران سەرجەمی بەرهەمی گۆران .بەرگی یەکەم . چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق . لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد . بەغدا
کریم،و سەلام. (بلا تاریخ)."سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی (لەدەقی شیعری "نەسرین"ی فایەق بێکەسدا) ." گۆڤاری کاروان. ژ١٥٥
مودەریس، مەلاعەبدولکەریمی . ( ١٣٨٧ ) . دیوانی مەحوی . چاپی پێنجەم . بڵاوکردنەوەی کوردستان .سنە .
مانی ،ساماڵ. (٢٠١٨). سۆشیال پیستیمۆلۆجی. چ ١. چاپخانەی تاران. سلێمانی
هێمن، ( ٢٠١٢ ) . دیوانی هێمن . چاپی یەکەم . کتێبخانەی پەپوولە . کوردستانی ئازاد
هاشم ،ساڵح . (٢٠١٦). دابڕانی ئێپستمۆلۆژی لەفیکروژیاندا چ٢. (وەرگێڕانی:شوان ئەحمەد) چاپخانەی تاران. سلێمانی.
هەمەوەند ،حەیدەر. (٢٠١٩). .فەرهەنگی کۆمەڵناسی چ١ .ناوەندی سارا. سلێمانی
-سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی :
أبوشقرا،محيى الدين يوسف. (٢٠٠٥) . مدخل الى سوسيولوجيا الادب العربى .الطبعة الاولى. المركز الثقافي العربي.دار البيضاء .المغرب.
جميل، عصام زكريا. (٢٠١٢) . اتجاهات معاصرة في نظرية المعرفة.الطبعة الاولى. دار المسيدة للنشر والتوزيع والطباعة .عمان.
حرب،علي. ( ١٩٩٣ ). نقد النص . ط١.المركز الثقافي العربي . بيروت
ريتشارد داوسن، كارن داوسن، و كينيث برويت. (١٩٩٨). التنشئةالسياسية ط٢.(مصطفى عبدالله أبو القاسم خشيم، و محمد زامي، المترجمون).جامعةفاريونس .بنغازي
عبدالنور،جبور .(١٩٨٤). المعجم الادبي .ط٢ .دارالعلم للملايين. بيروت.
علوش، سعيد . (٢٠١٩ ).معجم مصطلحات النقد الأدبي المعاصر -فرنسي-عربي.الطبعة الاولى . دار الكتاب الجديد المتحدة . بيروت . لبنان.

غورفيتش، جورج. (٢٠٠٨). الاطرالاجتماعيةللمعرفة. ط1. (د.خليل أحمد خليل، المترجمون).المؤسسةالجامعية للدراسات. بيروت.

-سەرچاوەکان بەزمانی فارسی :

بهنام،جمشيد. (١٣٤٨). جمعيت شناسى عمومى. چاپدوم. دانشگاه تهران. تهران.

تقوي، نعمت الله. (١٣٧٨). مبانى جمعيت شناسى. الإصدار چاپ پنجم. كيهان .تبريز.

زاده، محمد حسين. (١٣٨٦). كاوش درژرفاى معرفت شناسى. چاپ اول. انتشارات موسسه اموزشى وپژوهشى امام خمينى. قم.

عضدانلو، حميد. (١٣٨۴). آشنايى بامفاهيم اساسى جامعه‌شناسى (چاپ اول). تهران: نشرنى

-سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی :

Acuddon.j. (2013). Adictioneryy ofliterrary terms and literary theory ،fifth edition Ajohn wiley& son ،sltd publication

Capel,and mouton. (1996). Studies in socio linguistics net her lands,.

Haliday. (1981). laguage in asocial perspektives .bariewade.

-سەرچاوەی ئینتەرنێت :

سەڵاحی، مەلیک یەحیا. ( ٢٠١٩) "نیهلیزم" . www.dabran. net

# Sosiology Of Apistemology in Kurdish Poetry

**Hawkar Mamand Taha**
Department of Kurdish language, College of education, salahaddin University, erbil, Kurdistan region, Iraq
hawkar.m.taha@student.su.edu.krd

**Prof. Dr. Nawzad Waqas Saeed**
Department of Kurdish language, College of education, salahaddin University ,erbil, Kurdistan region, Iraq
nawzad.saeed@su.edu.Krd

***Keywords:*** *Sociology, Epistemoiogy, Knowledge, Litereature, Poesis, Poetics*

## Abstract

Epistemological sociology or "sociology of knowledge" as part of the science of sociology focuses on the study of social knowledge, i.e., the linguistic, cultural,

religious and political knowledge common in a society at a given historical period At the same time, Social knowledge reflects on individuals' thoughts and personalities in different ways, while at the same time being reflected in their outcomes and inventions and inventions. Cognitive-literary sociology as one of the dimensions of this science broadly includes all other dimensions, since dimensions such as the sociology of linguistic, cultural, religious and political knowledge These are the knowledge that the author has derived from his local customs, traditions, historical and social times.

------------------------------------------------------------

## علم الاجتماع المعرفة في الشعرالكردي

**ملخص:**

يركز علم الاجتماع المعرفي أو "علم اجتماع المعرفة" كجزء من علم الاجتماع على دراسة المعرفة الاجتماعية ، أي المعرفة اللغوية والثقافية والدينية والسياسية الشائعة في المجتمع في فترة تاريخية معينة. تنعكس المعرفة الاجتماعية على أفكار الأفراد وشخصياتهم بطرق مختلفة ، بينما تنعكس في نفس الوقت على نتائجهم واختراعاتهم،علم الاجتماع الأدبي المعرفي كأحد أبعاد هذا العلم يشمل على نطاق واسع جميع الأبعاد الأخرى ، حيث أن أبعادًا مثل علم اجتماع المعرفة اللغوية والثقافية والدينية والسياسية، هذه هي المعرفة التي اشتقها المؤلف من محلياته العادات والتقاليد والأزمنة التاريخية والاجتماعية.